# ئاگرەکانی پرتەقاڵ

نەوزاد عەلی ئەحمەد
Nawzad.ali@hotmail.com



جانەوەر لە ئاوێنە دەکەوێ و
خۆی لە مۆمیا هەڵدەکێشێ و
سروشت پڕدەکا لە سەرنج
نازانم ئەو زاهیدناسە،
بۆ فرمێسکی دەرژێتە ناو ئەو رووبارەی،
گورگ نایەڵێت بخەوێو،
سەرسامە بەقسە شیرینەکانی چیا!؟
نازانم ئەو گوناهناسە،
لەو رەزانەی،
کە مانگ خۆی بۆ شوشتن هەڵدەخا
بۆ تەنیا چاوەڕێی تامی ترێ دەکاو
بۆ لە مەغزای رەش تێناگا!؟
نازانم ئەو کتێبناسە،
چۆن بەخوێنی پەنجەکانی،
خۆڵەمێشی ئەو حەرفانە بژار دەکات
کە بەیتی ئاگری خاکن
ئەمانە شەو بەو ئەستێرانە تەڕدەکەن
کە رازی نوور بەگەورەیی،
غەزەلبارانی چاو دەکات
کە رەنگ دەمرێت،
پرتەقاڵێک بەجادووت دەبەخشم،
تا وەک شەوی ژوورەکەمان،
لەگەڵ نووستنی ئاگردا،
گۆناو دەمت سوور بچنەوە
فنجانێک رووناکیت پێدەدەم
کە دڵنیایی هاتەسەر نوێن،
خەون بمرێ و،
عەبەسی هەردووکمان گڕ بگرێ
ئاگر نامرێ !
سیمای قودرەتە لەگەڵ قفڵی دەرگاکاندا
مەراق لێی داوەو پرخەی دێ
بە حیکایەتی باو ئاگر،
لە شاخێکدا تێرمان دەکەن
ئەمە سەر لەنوێ،

خیانەتبوونەوەی شەوە،
بەقەنەفرەکانی هێشووی ماچو؟
بەر ژانی تریفەی پیاو !
کە بەهار هات رەنگینتر دەبیت،
لە رووتبوونەوەی پرتەقاڵ
کە رووباریش بەژنی هەڵخست
جوانتر دەبێت لە سپیبوونەوەی گەڵاَ
ئەگەر ئەمە رەنگی ئاو بێت
کەواتە پیاو،
لایەکی ئاگرەو
لایەکەی تری پرتەقاڵ
وەرزی جادوو تەواو نابێت
ئەوەنییە رەونەقی پرتەقاڵەکان
لە رووناکیم شکاوترو
لە سووتانم وشکترو
لە نیوەی سەرم شێتر
وەک بینایی فریادرەسێک خۆ دەنوێنن
مێژوو کە لە دایک دەبێت،
پاش ئەوەی گەڵای چاوەکانی،
وەک نەشئەی رووتبوونەوەی شەو؟
بە گەرمی دەریا دەبەخشێ
لە نێو پیسایی ون دەبێت
فەلەکی ئەو مجێورە،
بەیانیان دەستی بۆ با هەڵدەخات
ئێواران ورێنە بە رەنگ دەکات
کە دەچێتە گوڵفرۆشتن،
ئاوی سینە چاوی دەبات
ئەمە رەشایی کەوتنە،
نوقمی فەنتازیای مانگ بووە
لە رێگاشدا کە گۆچانی شوونهەڵگرتن،
لەگەڵ توورِە بوونی هەور،
بۆ لاجانگی شاخ دەبات
پرتەقاڵی شمشاڵژەنێ بەباڵ دەیبات
عاشق بە پرتەقاڵ دەنووێ
تا لەدیدەی مردووەکاندا،
نائومێدی بدرکێنێت
شەبەنگی ئەو،
بەفر بە دوکەڵ تێردەکات
هەربۆیە مانگ،

که بەختەوەری بە سیحر دەکوژێت
ئێوارەی درەوشانەوەی پرتەقاڵەکان
بۆ خۆی دەبات
ئەو مێژووە وەک کەوتنی باڵندە،
هەتا بۆن لە کلاوان نەخات
دەست لە تارمایی هەڵناگرێت
جیاوازییەکان لە ئاگر نزیک دەبنەوە
تا لەوەرزی پرتەقاڵ و،
لە نهێنی لە دایکبوونی ئاگر بگەن
لۆچەکانی خیانەتی دیوار،
لە سێوەکانی ترس دووردەکەونەوە
تا گەنجبوونەوەو ئاوەدانی،
مەمکی پرتەقاڵیان پێببەخشێت
تۆش پەنجەکانت لە پەنجەرە،
نمەی باران دەژمێرێت و،
سێبەری پیربوونی جوانی،
زاکیرەت پڕ دەکەن لە کۆڕی مردن و
خاڵیبوونەوەی جاوێدان

ستۆکهۆڵم2003